**دەنگەکان** :ڕۆژنامەگەریی کوردی لە پاش ڕاپەرینەوە تا ئێستا لە دەرەوەی مەوعیزە و گوتارە سیاسییەکان خاوەنی چ پرۆژەیەک بوونە سەبارەت بە ئەنفال، هاوکاتیش ڕۆژنامەگەریی کوردی دەکرێ خاوەنی چ پرۆژە و ئاسۆیەک بێت لەو بارەوە ؟

**ئاسۆعەبدوللەتیف**
Asolm2002@yahoo.com

# ئەنفال رۆژنامەیەکی بیٚ سەرنوسەرە ؟!

## ئەنفال لەدەستی حیزبدا خەریکە ئەگەنیٚ ، تکایە بیدەنە دەست میدیا !؟



کاتیٚ کورد ئەنفالکرا دەسەلاٚتی کوردی بریتی بوو لە چەند حیزبیٚکی پەرتەوازەو میدیایەکی رادیۆیی و هەندیٚ کیٚشەی ناوخۆیی و شەری براکوژە،لەگەلٚ بریٚك جەنگاوەری خاکی کە دواتر بوونە سوتەمەنی خولی ئایندەی شەری براکوژی و داهات و کورسی، ئەوکات کەس ئەنفالی نەدەناسی وەکو پرۆسەیەکی رەشەکوژی و ژینۆساید، هەروەك چۆن کەسیش حیزبی کوردی نەئەناسی بەودیوەی کە چ خۆشەویستیەکی بۆ کورسی و دەسەلاٚت هەیە، بیٚگومان نەشمان ئەزانی گەلی ئیٚمەو دەسەلاٚتەکەمان ئەوەندە بیٚ ئینتیمایە بۆ ئەنفال و هەلٚەبجەو برینەکانی، هەموو ئەنفال و زام و هەلٚەبجەکانمان لە گوتاری تەبلیغاتیانەی حیزب تیٚپەری نەئەکرد، ئەم تەبلیغاتەش بیٚگومان بۆخاتری ئەنفال نا بەلٚکە بۆ خاتری شەرە پەرۆی حیزب و کۆکردنەوەی جەماوەر بۆ حیزب و دروستکردنی کەمپی جەنگ هەر بۆ حیزب و دژی حیزب!! رۆژنامەگەری ئیٚمە کاتیٚ پاش راپەرین کەوتە گاولٚکیٚ بەدەست حیزبە دەسەلاٚتدارەکانەوە بوو واتە بەدەست گومرگەکانەوە بوو، بیٚگومان پارەو داهاتی بیٚ حساب چاپخانەی کری و کۆمەلٚیٚ کادری حیزبی لەدەور کۆکردەوەو لەباتی ئەوەی ئەم رۆژنامەیە توند دەست بگریٚ بە چەمکی ئەنفالەوەو بیکاتە سەرمایەی رەمزی و فایلبۆکس و ناوەندی دیکۆمیٚنتاریانەی بۆ بکاتەوە، کەچی ئەم رۆژنامەیە کە بەدەستی حیزبەوە بوو فایلبۆکس و ناوەندی دیکۆمیٚنتاریانەی بۆشەری براکوژی و شەهیدە نویٚکانی یەکترکوژی دوای راپەرین کردەوەو ئەنفالی لە قالٚبی دروشمسازی و وەعزیٚکی فریودەرانەدا هیٚشتەوەو تەنانەت زۆرجار درۆش بەدەمی ئەو شەهیدە نویٚ و کەم تەمەنانەوە ئەکراو پاش شەهیدبوونیان ئەیانکردنە سەرکردەی رۆژە سەختەکانی ئەنفال و کوری رۆژی تەنگانەوچوارەم و پیٚنجەمین شەهیدی بنەمالٚەو ئیدی لەباتی قوربانیانی ئەنفال ئەمانە بوونە رەمزی نویٚی شارو ئەنفال وەلانرا، ئەوەتا وەك ئەبینین تا ئیٚستاش نەلە سلیٚمانی و نە لە هەولیٚر کە دوو گەورە شاری یەکیٚتی و پارتین تاقە رەمزیٚ یان مینۆمیٚنتیٚکی شەهید یان ئەنفال یان هەلٚەبجە نییە کە بیانیەك هاتە کوردستان هەلٚوەستەی لەسەر بکات،لەگەلٚ ریٚزم،مینۆمیٚنتی شەهیدانی یەکی شوبات هەیە کە قوربانی دەستی تیرۆرن و زیاتر شەهیدی حیزبین نەك نەتەوەیی!ئەی ئەنفال بۆ لە گوتاری ستراتیجی و سیمای شاری سیاسی و حکومیماندا غائیبە؟ کام ناوەندی زانستیمان هەیە بۆ تویٚژینەوە لە ووشەی ئەنفال؟ خۆ ئەنفال هەر بریتی نییە لەو ریپۆرتاژە سەرپیٚ یی و گریانئامیٚزو سۆزدارانەی کە هەموو سالٚیٚك و وەك خەرەك لە کوردسات و کوردستان تیڤی و رۆژنامە حیزبیەکاندا دووبارە ئەبنەوەو تەنها ژمارەی سالٚیادەکەی ئەگۆران؟ ئیٚستا دەیان پارکی گەورەو شەقامی سەیر سەیر هەیە بەناوی شەهیدی حیزبەکانەوە لەناو شارە سیاسیەکانی ئیٚمەدا ئەگەر شاریش بن کەچی ئەنفال غائیبە و نازانریٚ بۆ؟ بیٚگومان ئەم کشوماتی و بیٚدەنگیەی رۆژنامەگەری کوردیش بابوەستیٚ کە بەشیٚکی پەیوەندی بەو فەلسەفە موحافیزکارانەی یەکیٚتی و پارتیەوە هەیە بۆ رۆژنامەنوسەکانیان کە ناویٚرن ئەنفال بەتەواوەتی شیبکەنەوە! کە ئەمەش گومان ئەخاتە سەر زۆر شت، بەداخەوە تا ئیٚستاشی لەگەلٚدابیٚت وەکو پیٚویست ئەنفال بیٚ خاوەنەو کەسی نییەو حیزبیش لە تاو ململانیٚکانی خۆیان نایانپەرژیٚت

ئەنفال بکەنە کەرەستەیەکی زیندوی نەتەوەیی و وەکو ژینۆسایدێکی نێودەوڵەتی میللی بیناسێنن، ئەوەی کە تائێستا کراوە خستنە رستەی ووشەی ئەنفالەو هیچی تر، بەواتایەکی دیکە گوتارێکی حیزبی و ماکیاژێکە بۆ چالاککردنی ژینگەی حیزبی تا شانازی بە گوتاری ئەنفالەوە بکەن و خۆیان بکەن بە خاوەنی،

تاساڵی 2000 گوتاری میدیا و رۆژنامەوانی ئێمە بۆنی ئایدۆلۆژیایەکی بێتام و ستالینی لێئەهات و زیاتر رۆژنامەی دەستەمۆی حیزبی و بەخشینەوەی دروشم و وەعزدانێکی چەقبەستووبوو بەتایبەتی بۆ ئەنفال، تا ئەوکاتەی لە کوردستانی باشوور رۆژنامەی ئازادو لە نێوەندی ئەنتەرنێتیش رۆژنامەی ئەلیکترۆنی لەدایك بوون، بەداخەوە ئەنفال وەکو خۆی نەگەشتووە و زۆرێك لە فاکت و راستیەکان ئاوەژوو بوونەتەوە بەهۆی لەرزۆکی گوتاری رۆژنامەگەریمانەوە، بەهۆی خۆهیلاکنەکردنمانەوە، بەهۆی رەزیلی و رەزالەتی حیزبی کوردیەوە، بەهۆی نەبوونی رۆژنامەنووسەوە، بەهۆی فایلدارەکانی ناو حیزبەکانەوە، بمبورن بەهۆی نەبوونی تێگەشتنی قوڵی سەرۆکی هەردوو پارتەکەو پەرلەمانەوە بۆ ئەنفال!! کاتی خۆی یەك لە سەرکردەکانی شاخ ووتبوی پێشمەرگە تا ئەم دۆ ساردەی شاخی هەبێ شۆرشی پێناکرێ، خۆ هەر وایە سەد دەرسەد ئێستاش بەهۆی دەوڵەمەند بوونی بێ ئەژماریانەوە ئەوەی کە بیری لێنەکەنەوە یادەوەری ئەنفالە، رۆژنامەگەری ومیدیای کوردی هێشتا لەدایك نەبووە و لەسەر قاچی خۆی نەوەستاوە تا گوتار دابرێژێ بۆ ئەنفال و بیکاتە ئەجندای لێکۆڵین و بەدواداچوون، کوشتن و زیندەبەچاڵ و فەلاقەو سوکایەتی و کاولکاری گوندو فەسادەت هێز نییە ئاماروداتای بکات، میدیاوشەقامی عەرەبی چونکە خاوەن گوتاری نەتەوەیی خۆیانن ئەڵێی ئاگرن و بەربوونەتە پوش و پەڵاش، کوژرانی محمد دورەی فەلەستینی بەفیشەکی ئیسرائیلی چەند ساڵێ لەمەوبەر چۆن کردیانە هەڵڵای ئیعلامی و کەڵکیان لێوەرگرت دنیایان لێ تەنی، ئەوە گوتارو ئەوەش میدیای چالاکی عەرەبە ئەدی بۆچی ئەبێ میدیای ئێمە نەرم بێ بۆ ئەنفال و کوێرەوەری و تراژیدیاکانمان؟ لەداگرتنی ئاڵایەکدا کە بۆنی ئەنفالی لێوە دێت ناتوانین قسە بکەین، لەسەر ژمارەی قوربانیانی ئەنفال هێشتا یەکلایی نەبوینەتەوە؟ ئەنفالی ماڵە یەکێتی و ماڵە پارتی و شوعی جیاکراونەتەوەو هەرکەس بۆخۆی، لەلایەك پارە بەهەندێ خێزان ئەدرێ و لەلایەکیش پەراوێز ئەخرێن، لەلایەك خانوویان بە هەزاران بۆ ئەکرێ و لەلایەکیش لەتاو ناعەدالەتی مینۆمێنتی شەهید ئەسوتێنرێ، کەی ناساندنی کارەسات و کۆمەڵکوژی بەو مەهزەلەیە ئەبێت توو ویژدانتان؟ تاقە ناوەندێکمان نییە بۆ ئەنفال بەڵام دەیان ناوەندی بەحیزبیکردنمان هەیە بەداخەوە تا ئێستا رۆژنامەوانگەلێکمان هەیە ئەوەندەی بە رۆحیەتی وەزیفی و فەرمانبەرداری حزبییەوە ئیش ئەکەن نیو هێندە وەکو رۆژنامەوان و ژۆرنالێکی بەسەلیقە کارناکەن کە بەرژەوەندی نەتەوەو کارەساتەکانی پێش حیزب بخەن، تەیموری رۆژهەلات لە ئەندەنوسیا سەربەخۆییان وەدەستهێنا هەژمونگەری میدیا کردی، جولەکە هۆلۆکۆستی کردە سۆبێکتی یاسایی و سەرمایەی رەمزی میدیاو ماسمیدیای یەهودو ئیسرائیلی کردی،عیراق میدیا روخاندی چەند جاری دیکە ئەمەم ووتووە،ئاخر مۆدێلی میدیا ئەو مۆدێلە نییە کە حیزب گوتارڕێژو لوغمرێژی ئەکات بە فەنتازیاو خەیاڵەکانی خۆی، گوتاری میدیایی بەشێکە لە ستراتیجی نەتەوەیی کە کورد تا ئێستا نیەتی،باشە بۆچی بریار نەدرێت بۆ داگرتنی یەکجاریی ئاڵای عیراق بەسەر کوردستاندا تا ئەو دەستانە دروست نەبنەوە کە ئەنفالی کوردستانیان کردوو ئێستاش هەندێکیان وەك سامەرائی و خەزرەجی و جەبوری و موتلەگ لە ئەوجی عەزەمەتی خۆیاندان!؟

دەسەڵاتی کوردی و حیزب و سەرکردەکانیان وا ئەزانن دوای سەدام ئیدی تەواو نابێ باس لە ئەنفال بکرێ کە ئەمە بیرکردنەوەیەکی هەژارانەیە، ئەوەندە کەیسی ئەنفالیان سادە کردۆتەوە خەریکە دوای سەدام بیفرۆشن بە چەند ئیمتیازێك و بیسپێرن بە لەبیرچوون و زاکیرەیەکی وون؟ کەیسی ئەنفال هەرگیز نابێتە کارەساتێکی دیکۆمینتاریانەی کوردی ئەگەر لێبران و کاری تەواوەتی بۆ نەکرێت و رۆژنامەی کوردی کاری بۆو نەکات، کەیسی ئەنفال بە دروشم نابێتە سەرمایە بەڵکو بەو دروشمە بێتامانە ئەوەندەی دیکە سادەی ئەکەنەوە و ماوەیەکی دیکە نەوەیەکی نا مەسئول دروست دەبێ لە بیری چووە ئەنفال تراژیدیایە دەڵێ بژی ئەنفال! کەیسی ئەنفال کەیسی دۆراندنی کوردە لە ناو مێژوودا، کەیسی ئەو شکستە رۆحییەی کوردە لە لەحزەیەکی هەستیارداو تا ئێستاش کاریگەری دۆران و شکستەکانی ئەنفالمان پێوەدیارە، گرفت ئەوەیە کورد بیر لە دۆرانەکانی رابردووی گەلەکەی خۆی ناکاتەوە، بیر لەوە ناکاتەوە کە ئەو عەرەبەی ئێستا لەتەنیشتیەوە دانیشتووە لە بەغدا عەقڵ و داریژەری ئەنفالی کوردی بووەو ئێستا بەدەیان شێوە موجامەلە ئەکرێ، فەسادەتی ئەمن و ئیستیخبارات و روخاندنی گوندو فرۆشتنی کچ و خوێنلێچۆران و دیارنەمانی هەزاران کێ لێی بەرپرسە بۆ لەبیرمانکرد؟ ئەنفال کارەساتی میللەتێکەو رام وایە هەرکاتێ ئەنفالمان بەستەوە بە کەسایەتیەکی سادیزمی وەك سەدامەوە ئەوە مەرگی کەیسەکەمان راگەیاندووەو ئەنفالیشمان لەسێدارەداوە، ئەو بۆچونەی کە پێی وایە کورد بە لەسێدارەدانی سەدام زیانمەندبوو لەبەر ئەوەی کە لەسەر هەڵەبجەو ئەنفال لەسێدارە نەدرا ئەوە لەگەڵ ئەوەی کە بۆچونێکی کەمخوێن و

نزیکبینە هەمانکات دەرخەری ئەوەیە ئێمە لاوازین و ناتوانین کولتورو بەڵگەکانی ئەنفال بسەلمێنین و سەرجەم ئازارو کارەساتەکە ئەخەینە گەردنی سەدام، ئیدی شۆڤێنیەتی عەرەبی و فیکری عەفلەقی و حیزبی بەعس بێ بەری ئەکەین لە ئەنفال کە تا هەنوو کە کاردەکات لە عیراقدا، سەدام بەتەنها داڕێژەری ئەنفال نەبوو لە پشتی سەدامەوە تیۆری و فکرو کولتورێك هەبوو، دەبێ ئێمە بیرلەوە بکەینەوە ئەو تیۆری و فکرە دادگایی بکەین و لە سێدارەی بدەین کە تا ئێستاش ماوەو نەکەوینە ژێر ئەو بارە سایکۆلۆژیە ترسناکەی میدیای عەرەبیەوە، چونکە ئەمە دواین دۆرانی مێژوویی ئەبێ بۆ کورد! گریمان ئێمە سەدام و هەموو سەرانی بەعسیشمان بە دەستی خۆمان و لەسەر ئەنفال و هەڵەبجەش پارچە پارچە کرد، ئەی بەواقعی چیمان کردووە بۆ ئەنفال؟ چەند سەنتەری توێژینەوەمان هەیە بۆ ئەنفال؟ پاڵپشتی ئەم بۆچونەم هۆلۆکۆستە کە گەر دەسەلاتی کوردی بیەوێت دەتوانێ وەك ئەزمونێ چاوی لێ بکات، ئیسرائیل و لۆبیەکەی کارەساتی کوشتنی ملیۆنان جولەکەیان کرد بە کارەساتێکی جیهانی و هیتلەریشیان پێویست نەبوو کە بەدەست و فەرمانی ئەو کوژران؟ هیتلەر نەك لە سێدارە نەدرا بەڵکو تەرمەکەیشی وون بوو کەچی جولەکەکان سەری دنیایان لێ نەهاتەوە یەك و نەیان ووت هیتلەر نەما ئیتر چۆن هۆلۆکۆست بکەین بە کارەساتێکی نەتەوەیی و جیهانی؟ دەکرێت ئێمەش گەر راست ئەکەین و حکومەت و پەرلەمانمان هەیە لە غیابی سەدامدا کەیسی ئەنفال ببەینەوە وەك چۆن جولەکە لە غیابی هیتلەردا کەیسی هۆلۆکۆستیان بردەوە، بەڵام ئەم پرۆسەیە جدیەت و لێبرانی دەوێ نەك دروشم و گاڵتەجاری چونکە ئەنفال ئەنفالەو زمانی تەبلیغات و پارە پەیداکردن و سنگ بادانی حیزبی و ریپۆرتاجگەری و ئینشا نییە، ئەم پرۆسەیە رۆژنامەو رۆژنامەنووس و سەرکردەی بوێرو قسەکەری دەوێت تا کێشەی ئەنفال سەرلەنوێ داڕێژینەوەو بیکەینە پرۆژەیەکی هەستیاری مێژوویی و نەیبەستینەوە بە بەرژەوەندیەکانی سەرکردەیەك یان حیزبێکی کوردیەوەو موزایەداتی لەسەر بکرێ، ئەنفال ئێستا سەرنوسەرێکی لێبراوو جدی و نەترسی ئەوێت تا لە رواڵەتێکی قاڵبگرتووی حیزبی و کارەساتێکی زمانی و میتافۆرێکی سۆزداریەوە بیهێنێتەوە بۆ ناو سیاسەت و گوتاری سیاسی کوردی ئەتەکێتبەند، بەبێ ئەم سەرنوسەرە واتە بەبێ میدیایەکی جەسوور هەڵەیە باس لەسەرخستنی کەیسی ئەنفال بکەین، چونکە ئەنفال لەدەستی حیزبدا خەریکە ئەگەنێ و پێویستە دەریکەین لە دەستی حیزب و بیدەینە دەست میدیا بەڵام میدیا!؟